کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:36 27-5-2007

## پرسی ئاین لە جیهانی هاوچەرخدا ... دکتۆر/ سەید حسێن نەسر ... و: حسێن سەید ئەدهەم

2-1

لە سەردەم و رۆژگاری ئەمڕۆدا بەردەوام باس لە گۆران و گۆڕانکاری و ئالوگۆڕکردن دەکرێت، لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مرۆییدا، بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام هەن و دەکۆشن تا هەموو شتێك لە جێی خۆی دەربهێنن، یاخود بیگۆڕن بە بارێکی تردا و نرخ و پلەی بشکێنن و دایبەزێنن و بەرەو ئاقارێکی نادیار و ناجێگیری بەرن، دەست دەدەنە هەموو هەوڵ و کار و پرۆژەیەك و دەیگێڕنەوە بۆ عەقڵ و کات و سەردەم و ئەو شوێنەی کە خۆیانی تێدایە، بەم کارەشیان دەیانەوێت سەلیقە و پرۆژەی مرۆڤەکان پەیوەست بکەن بەو چەرخ و سەردەمەی خۆیانەوە و، راستییەکان بەرەو ئەو خولگە و ئاقارە بەرن، کە خوازیارین و حەزیان لێیەتی، بەجۆرێك پێداگریی دەکەن و قووڵ دەبنەوە کە بەها نەمر و جێگیرەکانی مرۆڤایەتی رەت دەکەنەوە و بە سوك سەیری دەکەن، تەنانەت قسەشیان لەسەر مێژوو و شارستانییەکان هەیە.

بە پێچەوانەی واقیع و ئەو بۆچوونە هەڵانە، مرۆڤ لە پەیوەندییەکی بەهێز دایە لەگەڵ واقیعدا و، گۆڕانێکی بنەڕەتی نەهاتووە بەسەریدا و بەردەوام بەدوای خوساتی بێ سنوردا دەگەڕێ و هەردەم بەدوای ماناکانەوەیە و لە گەڕان و تەقەلادایە، ئازادیی مەعنەوی تایبەتمەندی و مەبەست و مەرامێکی تایبەتی کەسایەتی بوون.

بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو ئەم ئازادییە فەرامۆش کرا ئەوا دەگۆڕێت بۆ ئازادیی ئاژەڵی، دەتوانین بڵێین لە راستیدا کۆت و زیندانی نێو هەوا و ئارەزووەکانی بووە.

بۆیە مرۆڤ بەردەوام بوونەوەرێکە لە بنەڕەتدا نەگۆڕاوە و، قووڵایی رۆحی لە بەرامبەر واقیعدا رەگی داکوتاوە و چۆتە خوارەوە، لەم نێوەندەدا لە گەڕان و جووڵەی بەردەوام دایە تا بەو واتا و چەمکەوە لەنێو ژیانیدا قووڵ ببێتەوە.

لەگەڵ بوونی ئەو تایبەتمەندییە دەروونییەیدا مرۆڤ بەردەوام چاوەکانی بڕیوەتە جیهانی ماناکانەوە لە رێگای ئاین و، تەنانەت بۆیە زۆرێك لە خەڵکی لە پێناوی عیرفاندا بەردەوام لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بوون، ئێستا ئیتر لەم سۆنگەیەوە سەرنج و رێچکەی خۆی لەم نێوەندەدا دەگوزەرێنێ و پشتی کردۆتە جیهانی ماددی و دنیایی و بە زاراوەی ئاینی پەراوێزی خستووە، لەبەر ئەوە پشتی کردۆتە خۆر و بوونی رەتدەکانەوە بە هەموو هێزی بێهێزیی زیهنی خۆیەوە لە گەڕان دایە، بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی بەڵگە و نیشانە لەسەر خۆر و ئەوەی کە بەدوایدا دەگەڕێ و عەوداڵییەتی، لەم کەین و بەینەدا پەیامی ئاینیی هێشتا لەنێو ناخی مرۆڤدا واتا و تایبەتمەندییەکی پیرۆزی هەیە، هەموو بت و خوا دەستکردەکان رەت دەکاتەوە، جارێکی تر مرۆڤ ئاتاجی پەرستراوێکی واقیعی دەبێت، بۆیە لە هەوڵ و تەقەلادا دەبێت بۆ دۆزینەوە و شوێنکەوتنی.

بارودۆخی ئاین لەم سەردەمەدا بەم شێوەیەی بێ شارستانیەت خوا تازەکانی سەردەم دەشکێنێت، تینوویەتی مرۆڤ بۆ ماناکان دەمێنێتەوە و لێرەوە بەدەر دەکەوێت.

فەیلەسوف و زانا و داهێنانکارەکان دێن و دەچن، بەڵام پەیامی ئاینی هێشتا نەرۆیشتووە و لە جێگای خۆی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی ماهییەتی ئاین حەقیقەتێکی نەگۆڕی خواییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاش ئەم پێشەکییە کورتە پێویستە کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ شارستانییەتی ڕۆژئاوا، بۆ ئەو کات و شوێنەی کە سەرپێچیان لە ئاین و یاساکانی خوا دەکرد تا ئەم سەردەمەی ئێستاش پێویستە بیخەینە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە هەر لەم بوارەشدا لە کار و بارودۆخی ئێستاش بکۆڵینەوە و هەڵی سەنگێنین.

هەر ئەم شارستانیەتە و بەش و پێکهاتە تازەکانی ڕۆژئاوابوو، کە ئەمڕۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژیارەکانی تر و لە هەموو لایەکەوە سەرکراوەتە سەر بەرهەڵستکاری لە ئاین و بە کەمنرخ سەیر دەکرێت و زۆر گرنگی پێ نادرێت و وەلاخراوە، دەتوانین بڵێین بێ دینی و شۆڕشی هەڵهاتن لە ئاین گومانی دروستکردووە کە دەیبینین لەم ڕۆژگارەدا دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت.

شارستانییەتی ئەوروپی لە قۆناغی ڕێنیسانسیدا یەکەمین هەنگاوی لە ڕێگای داڕمانی یەکبوونی ئاینیی و مەعنەویدا هەڵگرت و ئەویش لە سەدەی ناوەڕاستدا بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆرێك لە مسوڵمانان دەیزانن و پەسەندی دەکەن، قۆناغی سەدەی ناوەڕاست تەنها قۆناغی مێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە، بە درێژایی دوو هەزارساڵی کۆتایی هاوشێوە و نزیکییەکی هەبووە لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتەوە لەوانە:

شارستانیەتی ئیسلامیی، مەبەست لەو قۆناغە کە شارستانیەت و ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاین و بیروباوەڕ بوو، پەیوەندیی و پابەندبوونیان بە ئاین و بیروباوەڕەوە، باش و زۆربوو.

تەواوی لایەن و بوارەکانی ئادەمیزاد هەموو قۆناغ و پلەکانی ژیانی هەڵکێشرابوون لە ڕۆحی ئاین هەر لە ژیانی ڕۆژانەوە تاوەکو کاروباری ڕۆژانەوە و تا دەگاتەوە هونەر و زانست و فەلسەفە و هتد.. هەموو سەرچاوە و بناغەکانیش تەنها وەحی بوو، تەنها لە بنەماکانی وەحییەوە ئیلهامیان وەردەگرت.

سەردەمی ڕێنیسانس مرۆڤ لە جیاتی دانانی پلەی خوایەتی بۆ خۆی بەندایەتی دەخستە پاڵ خۆی و خۆی لە پەرستراوێك زیاتر نەدەزانی، مرۆڤێك کە خۆی بە بوونەوەرێکی زەمینی دەزانی و سەرزەمینی بە خاك و نیشتمان و شوێنی حەوانەوەی خۆی دەزانی، مرۆڤی سەردەمی ڕێنیسانس ئەو فریشتە و خوایانەی مەسیحی نەبوو، لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا ئەمە عورف و بیر و بۆچوونیان بووە، کە بەم شێوەیە مرۆڤ بخەنە ئەو ئاست و شوێنەوە.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی دواییدا مرۆڤی ڕۆژئاوایی ئەو نیشتمانەی لەبیر کرد و لە جیاتی ئەوەی خۆی لەم جیهانە غەریب و نامۆیەدا ببینێتەوە، خۆی بە بوونەوەرێکی دونیایی و زەمینی دەدایە قەڵەم، پاشان بەرزییەکی و حەقیقەتی بوونی خۆی بە نامۆیی و وەهمەوە تەڵقیندا و بەم ڕۆحیەت و بیرکردنەوەوە خۆی پەیوەست کرد بە ژیارەکانەوە و، چەمکی شارستانیەتی هەڵبژارد.

پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوروپا لەم نێوەندەدا لەگەڵ پرۆزیی لایەنی زانستی سروشتی بە شێوەیەك و ئەندازەیەك بوو، کەسێك گومانی لە دروستی ڕێگای پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا نەبوو، ئەگەرچی هەندێ لە بناغە دانەرانی زانستی نوێ وەکو (کۆپلەر) و (نیوتن) کەسانی پێشکەوتوو خواز و تەنانەت پیشەسازی بوون، بەڵام ئەنجامی ئەم زاستە بەتایبەتی زانستی فیزیا بوویە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی مۆدێرن جیهان بەشێوەیەکی واقیعی تەواو ماددی بەرێت و لایەنی مەعنەویی سروشت و خودی مرۆڤ لەبەرچاو نەگرێت و پشتگوێی بخات، یان بە واتایەکی تر مرۆڤی خاڵی کردووە لە واقیعی سروشتی خۆی و بەرەو ڕێچکەیەکی تر چارەنووسی بۆ دیاری کرد.

بەهۆی ئەنجامی بواری ئابوری زانستی مادی و نوێ و تێکئالای هزری لۆژیکی، کە چەمك و واتای جۆربەجۆری دەبەست بەیەکەوە و هیچ هێزێك لە توانایدا نەبوو ڕوبەڕووی ببێتەوە، ئاین و فەلسەفەی ئیسلامی بە درێژایی چەندین سەدە کێشمەکێشێکی هیوابڕی لەگەڵدا ئەنجامدا و، هەموو قۆناغێك هەنگاوێك دەهاتە دواوە بەتایبەتی لەو سەردەمەدا و لە ئەوروپا بە شێوەیەکی گشتی عیرفان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

حیکمەتی واقیعی لەناو چوو بوو، ئاینیش گۆڕابوو بە زنجیرەیەك سۆز و ئیحساسات و فەلسەفەش لە چەمکی ئیلاهیاتەوە دور و لە واتای ڕاستەقینەی خۆی دەرچوو بوو.

بەپیرۆز سەیرکردنی تێروانینە ماددیەکان گەیشتبوویە ئەو ئاستەی کە زانایانی سەدەی هەژدە وەکو: (بیل) فەیلەسوفەکانی (دائرە المعارف) ی فەرەنسا بە شێوەیەکی گشتی ڕازی و کۆك نەبوون لەسەر پلە و پایە و پێگەی ئاین لە ئایندەدا، بەهەمان شێوە لە سەدەی نۆزدەدا کۆمەڵێك فەلسەفە پەیدابوون، کە یان بەشێوەیەکی گشتیی ئاینیان ڕەت دەکردەوە وەکو فەلسەفەی (مارکس)، یان مەزهەبێکی درۆین جێگەی ئاینە ئاسمانیەکانی دەگرتەوە وەکو نووسینگەی پێگە ئاینیەکانی (کانت)، کە نرخ و بەهای چەمکە جێگیرەکانی ئاینی ڕەت دەکردەوە و لەم نێوەندەدا سەری هەڵدا بە مەزهەبێکی تازەوە، ناتوانین ئەوەی کە بووە و ڕاستییە ڕەتی بکەینەوە و، باوەڕی پێ نەکەین، چونکە پێویستی بوونی مرۆڤ بە فەلسەفەی ماددی لە سەدەی نۆزدەدا بوو لە ئەڵمانیادا.

بە گوزەرمان بەم نێوەندەدا و لەم سەردەمەدا دەرەنجامی یەکەمین پەیوەندیی ڕۆژئاوا لەگەڵ حیکمەت و ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە پلەبەندی وادێت و دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت وەك: وەرگێڕانی (ئوپانیشادها) لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی لاتینی، لە هەمان کاتدا کاریگەریەکی قووڵی لەسەر شاعیری ئینگلیزی (بلاك) بەجێ هێشت و لەگەڵ ئەوەشدا هەڵکەوتوو و ناودارێکی وەکو (گۆتە) کە بە عاریف و حەکیم وەسف کراوە، چەمکی سۆفیگەری ئیسلامیی لە گەورە و پیرۆز نرخاندووە.

ئەوەبوو بە پلەبەندیی ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەرامبەری بۆشاییە مەعنەویەکانی ڕۆژگاردا بەرەو پێشچوونێکی تایبەتی بە خۆیەوە بینی، چ جای ئەوەی کۆمەڵێ بیرمەندی ڕۆژئاوایی تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا تا ئەندازەیەك چوونە ژێر کاریگەری ئەم ئاینە و ڕێبازە ڕۆژهەڵاتیانەوە، بە تایبەتی بواری فەلسەفە و، حیکمەتیان وردتر وەرگرت و لێی سودمەندبوون.

ئەگەرچی تا ئەندازەیەکیش لە لای تەواوی ئەم کەسایەتییانە هەستکردن و خوێندنەوەی ئەم چەمکانە بەهۆی نەبوونی بوارێکی گونجاو و پێویست، یان بەکەم هێنانی لە هەندێ لایەندا لادرابوو و هەڵگەڕابوویەوە.

لە لایەکی ترەوە ئایندەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تا سەدەی نۆزدەهەم بە سەدەیەکی زێڕین دەهاتە پێش چاو، تەنانەت خودی ئەوروپیەکانیش تەنها شارستانیەتی خۆیان بە ڕەهایی لە قەڵەم دەدا، بە جۆرێك کەوا هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونەوە بە زمانی فارسی وشەی شارستانیەت بەکاردێت.

بە جۆرێك گەورەیی و ڕووناکی خۆی لە دەستدا، بە هۆی بەکارهێنانی کەوتنە ژێر کاریگەری پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاواوە، کە لە دەمی ئاسۆوە ئاوابوو داپۆشرا.. بیرمەندێکی ئەلمانی بە ناوی (ئەشپنگلر) لە لوتکەی هێزی شارستانییەتی ئەوروپادا چوارچێوە و سنورێکی تری کێشا، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئەفولی ڕۆژئاوا) شارستانیەتی ڕۆژئاوای لە خراپە و فەرمانەکانی خەڵکیدا پێش هەموو شتێك بەسەر سوڕهێنەر و هەڵپەخوا دایە قەڵەم.

بەڵام پاش شەڕی نێو دەوڵەتی یاخود جەنگی جیهانی یەکەم و، کوشتنی ملیۆنان مرۆڤی ڕۆژئاوایی بە کوشتنەوە و خوێن خۆریەوە، بە پلە و قۆناغی زۆر خراپتر چوو.

ئەویش لە نێو شەڕی خاچپەرستەکاندا، زۆرێك لە بیریارانی ڕۆژئاوایی وتەکانی ئەشپلنگر و هاوشێوەی ئەویان بە جددی تر وەرگرت و بیروباوەڕی خۆیان سەبارەت بە ئایندەی زێڕینی شارستانیەت لە دەستدا و ڕەتکردەوە، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم چوارچێوەی هزری ڕۆژئاوایی بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەرداهات، لە سەدەی نۆزدەدا مۆدیلی بێ دینی بوویە بتی گەورەی سەدە لە پێشکەوتن و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەرەسەندندا بوو، بە هەشتی مەلەکوتی ئاینەکان گۆڕا بوو بۆ ئایندەی ئاینە سەر زەمینەکان، بە جۆرێك کەوا بە ئاشکرا لە بیری کۆمۆنیزمدا دەبینرا، بەلای بیریارانی رۆژئاوادا ئەم بتە لە ناکاو بە جەنگ کۆتایی پێهات و شکا، ئەگەرچی هەمووان بە خێرایی نەگەڕانەوە بۆ پەرستنی خوای باڵا دەست.
روانینی ماددیانە لە فەلسەفەی سیاسیی و ئابوریدا مایەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی زانستیدا کەشی فیکری بە تەواوی ئاڵوگۆڕ کرا، بە تایبەتی لە زانستی سروشتیدا کورتکردنەوەی تێڕوانینی میکانیکی (فیزیایی نیوتن) لەگەڵ هاتنی فزیای ناوەکی یاخود ئەتۆمی (رێژەگەرایی) لەناو چوو، باسە فەلسەفەی و ئاینیەکان لە چوارچێوەیەکی ئازادتردا تەنانەت لە زاناکانیشدا بە شێوەیەکی سروشتی دەرکەوت.
لەوانەشە باشترین نیشانەکانی ئەم گۆڕانانە لە ئەنجامی جموجوڵی کۆمەڵێك لە گەورەترین شاعیرانی ئەم سەردەم و سەدەیەی ئاین و لایەنگرانی لە بیروباوەڕی ئاینیدا هاتبێتەکایەوە و روویان دابێت، دوو شاعیری گەورەی ئینگلیزی زمان (ئالیوت) و (ئادن) زۆر پابەندی ئاین و یاساکانی بوون.
مامۆستاکەی ئالیوت (ئێنراپاوەند) بۆ ئەم مەبەستە شیعرێکی بەرێگای (دانتە) نووسی، لە ئەدەبیاتی فەرەنسیشدا چەند کەسایەتییەکی وەکو (بودلەر، مریال، کلودل) بابەتە گەرم و زیندووەکانی بابەتی ئاینییان دەهێنایەوە بیری خەڵکانی سەردەم و کاتی خۆیان.
لە ئاهەنگەکانی زانکۆدا بۆ یەکەمین جار پاش سەدەی ناوەڕاست ئاین و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکە ئاینیەکان سەنگ و نرخی گەڕایەوە و هەستایەوە، رێزی دێرینی بەسەردا گەڕایەوە و کەسایەتییەکی وەکو (کاردینالّ نیومن) کاریگەریەکی قووڵی لەسەر بیرمەندانی نەوەکانی زانکۆی خۆی بەجێ هێشت.
لەپاش سەدەی بیستەم بەدواوە بە قۆناغی لەناوچوونی بیروباوەڕی رەها بە شارستانیەتی رۆژئاوا بە مادیات ناوبرا، لەگەڵ ئەوەشدا نرخ و رێزی مادی گەڕایەوە بۆ شارسانیەتی نوێی رۆژئاوایی، بە ئەندازەیەکی بەرفراوانتری هەلێك و فورسەتێك هەڵکەوت بۆ شکاندنەوەی ئاین بەسەر ئەم دۆخەدا، هەرچەندە شۆڕشە رۆژئاواییەکان پێچەوانەی پرسە کۆمەڵایەتی و چەمکە ماددیەکان بوون، ئەوەندەی تر ئاین و ئەو پەیام و رێبازەی کە لە سۆنگەی ئاینیەوە هەڵقوڵابوو، رۆشتر دەبوویەوە و دەردەکەوت.
لەبەرئەوەی کە مەسیحیەتی رۆژئاوا زۆرێك لە راستیەکانی خۆی فەرامۆش کردووە، تەنانەت لە جیاتی ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا رێگایەکی دیاریکراو و تایبەت پێشنیاز بکەن و ببیەستنەوە بە بیروباوەڕی ئەمڕۆوە، خۆی تەسلیمی مۆدیلی بیروباوەڕی رۆژگاری ئەمڕۆ کردووە.
ئەو عاریفانەی کە بانگەشەی ئاشنایەتییان دەکرد لەگەڵ ئاین و حیکمەتە رۆژهەڵاتییەکاندا، سەرتاسەری رۆژئاوایان داگیرکرد، پێویست بوونێکی قووڵی ئەم نەوەیە بە بەدەستهێنانی ئارامی و هێمنی و سوکنایی دەروونی و مەعنەوی بە خراپە سودیان وەردەگرت، مەبەست و داخوازییەکیان نمایش دەکرد کە لە حەقیقەتی چەمکی عیرفان و ئاینەوە زۆر دوور بوو، لە راستیدا بەشتێکی سەرپێیی و بازاڕییش دەهاتە پێش چاو لەوەش زیاتر نەبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین بوونی ئەم جۆرە چالاکی و هەڵوێستانە بەشێکە لە پێویستی بوونێکی نەمری مرۆڤ بۆ ئاین، زۆرێك لە رۆژهەڵاتییەکان کە تازە دەستیان داوەتە نوێبوونەوە و تازەگەری لە خولگەی بێ دینیشدا خۆیان دەبیننەوە لە بەرامبەر ئەم چەمکەدا -واتە شارستانییەتی نوێ- وون بوون و ناشتوانن دەرك بە هۆکارەکەی بکەن و لێی بکۆڵنەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هێشتا بە ئەندازەی پێویست لە بواری فیکریدا ئاشنا نەبوون بە چەمکی شارستانیەتی نوێی رۆژئاواوە، فشارە رۆحی و دەروونیەکانی مرۆڤ نوێیان نەبینیوە و هەستیان پێ نەکردووە، چونکە ئەوانە هێشتا میراتخۆری مەعنەوی بنەماڵە و گەورە و پێشینیەکانی خۆیانن، ئەمڕۆ لەسەر زەمینی تینووی حەقیقەتدا بە زۆری وەڵامی ئەم تینویەتیە دەدرێتەوە، کە لە رواڵەتدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەڵەتێنەر و لە دیوی ناوەوەشدا درۆزن و ساختەیە و لە ناوەڕۆکیشدا خاڵییە، لە جیاتی لابردن و شکاندنی تینوویەتی مەترسی، هەڵەکە لێرەدایە کە لە ژیان و بوونیی خۆیان یەکیان بکەوێ و بکەون، ئەگەرچی سەدەی نۆزەهەم سەدەی بێ دینی بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین گۆڕەپانی جیهان لەبارتر و گونجاوترە بۆ دینداری، سەدەی ئاینەکان بە سەدەیەکی درۆزن و ساختە دێتە ئەژمار، ئاینێك کە گەیشتووەتە ئەوپەڕی پلەی باڵای نوێبوونەوە، بۆتە ئاینێکی واقیعی سەردەم و وەکو هێورکەرەوەی دەرد و بەڵاکانی ئەم سەدەیە ناو دەبرێت، لەوانەشە ئەم لەکلێشەدا جوگرافییەمان بۆئاین بۆبێ مانا نەبێت کە کاتێك کە ڕۆژهەڵات بەردەوام و هەردەم بۆتە سەرزەمین و کێڵگەی حیکمەت و عیرفان و ئاین و هەڵهاتنیان لە دەمی ئاسۆی تەمومژی تاریکییەکاندا، ئەگەر چاو بگێرین دەبینین لە دورترین خاڵی ڕۆژئاوا -واتە کالیفۆرنیا- گەورەترین بنکەی ڕاپەڕین و ڕێبازی عیرفانیی سەری هەڵداوە و بەرچاو دەکەوێت، وەك چۆن ئاماژەمان پێدا لە پێشەوە، بوونی خودی ئەم جۆرە ڕاپەڕینانە بەشێکە بۆ ساغکردنەوە و جێگیرکردنی وەکو پێداویستیەکی بەردەوامی مرۆیی بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو کات و سەردەم و شوێنێکدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.